خوای گەورە ئاسوودەترە بە تەوبە کردنی یەکێک لە ئێوە؛ زیاتر لە ئاسوودەیی یەکێکتان کە وشترەکەی بدۆزێتەوە پاش ئەوەی لە زەویەکی فراواندا ونی کردبوو

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە ئاسوودەترە بە تەوبە کردنی یەکێک لە ئێوە؛ زیاتر لە ئاسوودەیی یەکێکتان کە وشترەکەی بدۆزێتەوە پاش ئەوەی لە زەویەکی فراواندا ونی کردبوو». ولە ڕیوایەتێکدا: لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە ئاسوودەترە بە تەوبە کردنی بەندەکەی کاتێک تەوبە دەکات بۆ لای ئەو، زیاتر لە ئاسوودەیی یەکێک لە ئێوە کە لە سەر پشتی وشترەکەی بوو لە زەوییەکی فراواندا، ولە ناکاو وشترەکەی لێ ونبوو کە خواردن وخواردنەوە وشتومەکەکانی لە سەر پشتی بوو، بۆیە لێی بێ هیوا بوو، وهات بۆ لای دارێک بە بێ هیوا بوون لە وشترەکە وبارەکەی سەری، هەر بەو شێوەیە بوو؛ سەیر دەکات وشترەکە لای وەستاوە، وڕەشمەکەی گرت، وپاشان لە خۆشیدا ووتی: خودایە تۆ بەندەی منیت ومنیش پەروەردگاری تۆم! لە خۆشیدا هەڵەی کرد».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی ئەوە دەدات کە خوای گەورە ئاسوودەیە بە تەوبە کردنی بەندەکەی بۆ لای وپەرستنی وجێبەجێکردنی فەرمانەکانی بە دڵسۆزی لە دڵیەوە، زیاتر لە ئاسوودەیی پیاوێک لە زەویەکی فرواندا بێت، وهیچ مرۆڤێک وخواردن وخواردنەوەیەکی پێ نەبێت، پاشان وشترەکەی ون بێت، وئەم پیاوە بچێت بۆ لای دارێک بخەوێت وچاوەڕێی مردن بکات! کە بێ هیوا بووە لە وشترەکەی ولە ژیانی، چونکە خواردن وخواردنەکەی لە سەر پشتی وشترەکەی بوو، و وشترەکە ون بوو، کاتێک بەو شێوەیە بوو؛ لە ناکاو وشترەکەی دۆزیەوە کە ڕەشمەکەی گیربووە بەو دارەی ئەو لە ژێر سێبەری خەوتووە، ئایا چۆن وەسفی ئەم ئاسوودەییە دەکرێت؟ ئەم ئاسوودەییە هەرگیز وەسف ناکرێت، مەگەر کەسێک خۆی ئەم حاڵەتەی بە سەردا هاتبێت! چونکە زۆر ئاسوودە ودڵخۆشە، ودڵخۆشە بە ژیان پاش ئەوەی خۆی بۆ مردن دانابوو، بۆیە ڕەشمەی وشترەکەی گرت، و ووتی: (خودایە تۆ بەندەی منی، ومن پەروەردگاری تۆم!)، وپستی وەسف وستایشی خوای گەورە بکات وبڵێت: (خودایە تۆ پەروەردگاری منی، ومن بەندەی تۆم!)، بەڵام ئەو بە هۆی ئەو دڵخۆشیە مەزنەوە هەڵەی کرد.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4313